Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# گێڕانەوەی خودی لە هەردو ڕۆمانی (وڕێنە و تارماییی)ی سەلاح عومەر، (دەفتەری پیرانی غەمناک)ی ماردین ئیبراهیم دا

**عەلی مستەفا نەجمەددین[1] - پ.ی.د نجم خالید نجم الدین[2]**

[1+2]بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

گێڕانەوە بە توخمێکی سەرەکی ڕۆمان دادەنرێت و هیج ڕۆمانێک بەبێ ئەو نانوسرێت، بۆیە بوەتە بابەتێکی گرنگ و ڕەخنەی ئەدەبی جیهانی گرنگیی تایبەتی پێدەدات، ئەم تویژینەوەیەش وەک توێژینەوەیەکی میتۆدی (گێڕانەوەی ڕەخنەیی) هەوڵێکە بۆ کارکردن لەسەر (گێڕانەوەی خودی لە هەردو ڕۆمانی (وڕێنە و تارماییی)ی سەلاح عومەر، (دەفتەری پیرانی غەمناک)ی ماردین ئیبراهیم دا)، کە تەواوی گێرانەوەکان هەڵێنجراوی نێو کۆمەڵگە و کولتوری کوردین، باس لە ئێش و ئازارەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات.

ئەم توێژینەوەیە لە دو بەشی سەرەکی پێکدێت، هەر بەشێکیش لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتوە، بەشی یەکەم تیۆرییە، کە پێناسە و جۆرەکانی گێڕانەوە لەخۆیدەگرێت. بەشی دوەم پراکتیکییە، پەیوەندی گێڕانەوە لەگەڵ ڕۆماننوس و کارەکتەر و بگێڕەوە بە نمونەی ڕۆمانەکان خراوەتەڕو.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا جگە لە لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی بە چەند ئەنجامێک گەیشتوین.

**کلیلە وشەکان:** گێڕانەوە، ڕۆمان، کارەکتەر.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22
**Received:** 23-July-2022
**Accepted:** 17-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
alimustafa.N79@ gmail.com
alwaninajm5@gmail.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

## پێشەکی:

ئەگەرچی ڕۆمان لە چەند بنەمایەکی هونەری پێکدێت، بەڵام تەکنیکی گێڕانەوە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا کەمتر بایەخی پێدراوە، ئەم تەکنیکە وەک هەمو تەکنیکە هاوچەرخەکانی دیکە خاوەنی گرنگیی تایبەتی خۆیەتی، ئەمەش لە کاتێکدا دەگوترێت کە دەبێتە ناوندێکی دیار بۆ ناســـینی بنەمای توخمەکانی دیکە لە کاتی گێڕانەوەی ڕوداوەکان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:** (گێڕانەوەی خودی لە هەردو ڕۆمانی (ورێنە و تارمایی)ی ســـەلاح عومەر، (دەفتەری پیرانی غەمناک)ی ماردین ئیبراهیم دا) توێژینەوەیەکە ســـەبارەت شـــێوازی گێڕانەوەی خودی لە ڕۆمانەکاندا دەتوێژێتەوە، واتە توێژینەوەکە لە لایەنی گێڕانەوەی خودییە لە نمونەی ڕۆمانەکانی ئەو ماوەیە. ئەم بابەتەش بە گوێرەی زانیاری ئێمە لە توێژینەوەی ئەکادیمی کوردی، بواری ڕۆماندا، توێژینەوەیەکی ســـەربەخۆی لەسەر نەکراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم کارەمان بۆ باسکردنی ئەو شێوازە تەرخان بکەین.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا ســودمان لە میتۆدی(وســفی شــیکاری) وەرگرتوە، ئەم میتۆدەش پتر بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت، تا بتوانین لە نێو دەقی ڕۆمانەکاندا چۆنیەتی مەزراندنی شێوازەکانی گێڕانەوەی خودی بناسینەوە و کاری لەسەر بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش پشتمان بە بۆچونی چەند تیۆرزانێک و ڕەخنەگرێکی ناوداری بواری گێڕانەوە بەستوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** پێمان باشـە لەباتی وشـەی گرفت، وشـەی پرسـیار بەکاربهێنین، چونکە هەر توێژینەوەیەک هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرســـیارێک، کە پێویســـتە توێژەر بە دوای وەڵامدانەوەیدا بگەڕێ. پرســـیاری ئەم توێژینەوەیەش ئەوەیە: تا چەند ڕۆماننوســـانی ســـنوری توێژینەوەکەمان ســـەرکەوتوانە توانیویانە شـــێوازی گێڕانەوەی خودی بەکاربهێنن و هەتا چەند ئەو شـــێوازە پەیوەندی نێوان ڕۆماننوس _ بگێڕەوە_ کارەکتەر ڕون دەکەنەوە.

**پلانی توێژینەوە:** توێژینەوەکەمان لە دو بەشی سەرەکی پێکهاتوە.

**بەشـــی یەکەم:** پێناســـە و جۆرەکانی گێڕانەوە لە تیۆری ڕۆماندا، لە دو تەوەر پێکهاتوە، لە تەوەری یەکەمدا هەوڵمانداوە بە شێوەیەکی تیۆری پێناسەی گێڕانەوە بخرێتەڕو، لە تەوەری دوەمدا هەوڵماندا بەشێوەیەکی تیۆری باسی جۆرەکانی گێڕانەوە بکەین، کە خۆی لە هەردو جۆری گێڕانەوەی بابەتی و خودیدا دەبینێتەوە.

بەشـــی دوەم: پەیوەندییەکانی گێڕانەوەی خودی لە ڕۆمانەکاندا، بەشـــێوەیەکی پراکتیکی کارمان لە نێو ڕۆمانەکاندا کردوە، لە ســـێ تەوەر پێکهاتوە، لە تەوەری یەکەمدا پەیوەندی نێوان گێڕانەوەی خودی و ڕۆماننوس باســـکراوە، لە تەوەری دوەمدا پەیوەندی نێوان گێڕانەوە و کارەکتەر باســـکراوە، لە تەوەری ســـێیەمدا پەیوەندی نێوان گێڕانەوە و بگێڕەوە باسکراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیســتی ســەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بە زمانی کوردی و ئینگلیزی خستۆتەڕو.

## بەشی یەکەم: پێناسە و جۆرەکانی گێڕانەوە لە تیۆری ڕۆماندا:

### تەوەری یەکەم: پێناسەی گێڕانەوە:

گێڕانەوە وەک زاراوە چەمکی بنیاتگەرییانەی تێپەڕاندوە، لای ئەوان گێڕانەوە بنیاتێکی پەیکەر ئامێزی هەیە، بۆیە «وەک بابەتێکی پچڕاو لە بری (ناســنامە) و (زەمەن) دەردەکەوێت»[عەبدوڵڵا:٢٠١٠: ٢٢] ئەم بۆچونە لەگەڵ زەمەنی هەڵکشــانیدا وردەوردە لێی هەڵدەوەرێت، چونکە گۆڕانکارییە فیکری و پێکهاتەکانی نوســین پێشــکەوتنی جیاوازتریان وەرگرتوە، لە بۆچونە نوێیەکاندا گێڕانەوە بنیاتێکی جێگیر، یان چەســپیوی نییە، بەڵکو گۆڕانی بەســەردادێت و دەکەوێتە ژێر تیشــکۆی تاقیکاریی مرۆڤایەتییەوە، واتە ئەزمونی مرۆڤایەتی بەرهەمی بەشــە نوێیەکانی چیرۆک، یان گێڕانەوەیە، پۆل ڕیکۆر لە پێناســەی گێڕانەوددا دەڵێت: گێڕانەوە لێکدانەوەی دەقە بۆ دیاریکردنی بگێڕەوەی شــاراوە، ئاشــکرا یاخود بگێڕەوەی ناوەکی دەق.[محەمەد:٢٠٢١: ٨٣] ئەم ناســاندنە هەمان ئەو بۆچونەی ئەرستۆیە، کە بۆ گێڕانەوەی کردوە، واتە ڕیشەی گێڕانەوەیی نوێیە لە بەرامبەر پۆیەتیکی ئەرستۆ بە دیوە کلاسیکییەکەی. ئەم بۆچونەی پۆل ڕیکۆر هاوتەریبە لەگەڵ بیر و فەلســەفەی فۆرمالستەکانی ڕوس، کە تەوژمێکی خێرابون، هاتن و کاریگەریی بەرچاویان هەبوە لە سەر تەوەر و چەمکە جیاوازەکانی ئەدەب.

لە ژیانی بەردوامیدا، تاک بەردەوام دیمەن و ڕوداوی نوێی دێتە پێشــەوە، یان دەیبینێت و دەبیســتێت، ئەمەش وەک هەگبەیەکی زانیاری دەکەوێتە زەین و بیرەوەرییەکانییەوە، کاتێکی پێویســت دەبێت بۆ ئەوەی ئەم زانیاری و ڕوداوانە بگێڕێتەوە، بۆیە هەمیشــە مرۆڤ لەنێو گێڕانەوەی ڕوداوە جیاوازەکاندا بەرهەمی ڕوداوەکانی خۆیەتی. گێڕانەوە بریتییە «لە گێڕانەوەی کۆمەڵە ڕوداوێک بەشــێوەیەکی هونەری کەوا قەومانێک، یان چەند قەومانێکی ژیان، یان سروشت دەکاتە مایەی سەرنج ڕاکێشان و بزواندنی هەستی جوانپەروەری و پێگەیاندنی لێکدانەوەی گوێگر، یان خوێنەر بەرامبەر بە ژیان»[بیمار:١٩٨٨: ٢٦١] تیشک خستنە سەر کاری هونەری، هەنگاوێکی نوێیە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، بەو واتایەی توانا هونەرییەکان لەگەڵ زەمەن و جۆری ڕوداوەکاندا بچنە پێشەوە، بۆ ئەوەی گرنگیی گێڕانەوە هاوتەریب بێت لەگەڵ چێژی گێڕانەوە. خوێنەری ڕاســتەقینە لە ڕێگەی هونەری جوان و نوێوە هەست بە کاریگەریی و چێژی ڕوداو لە کاتی گێڕانەوەدا دەکات.

گێڕانەوە وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی بریتییە لە «گۆڕینی ڕوداو لە ڕوە ڕاســتەقینەکەیەوە(واقیعی)، بۆ شــێوەی زمانی»[اســماعیل:١٩٧٦: ١٧٨] لە تاقیکردنەوە و گێڕانەوەی ڕوداودا، تەنها زمان باشــترین تاقیگەیە بۆ ئەوەی بتوانین بە جوانترین شێوە لە واقیعی شتەکان ئاگاداربینەوە و بەوردی و سەرنجەوە زەینمان بخەینە سەر زمانی بگێڕەوە، بۆیە دەبێت ڕۆماننوس خاوەنی ڕەهەندێکی فراوان و دیدگایەکی فرەجۆر بێت تا بتوانێت ئەم کردەیە، کە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

گێڕانەوەیە لە لایەن بگێڕەوەکانەوە بە سەرکەوتویی ئەنجامی بدات. گێڕانەوە بەشێکی سەرەکییە لە بەدیهێنانی دەقێکی سەرکەوتودا، چونکە هەمو دەقێکی گێڕانەوە ئامێز لە ئەنجامی کاری هەمو توخمەکانی ترەوە بنیات دەنرێت. واتە بە هۆی جوڵان و هەڵسوڕانی توخمەکانی ترەوە بەرهەم دەهێنرێت.[ئیسماعیل:٢٠١٠: ٥٩]

تێگەیشتن و خوێندنەوە بۆ تەواوی ئەو پێناسە و تیۆرانەی بۆ گێڕانەوە کراون، دەمانگەیێنە ئەو ڕایەی کە پێمان دەڵێت هیچ بۆچونێکی جێگیر نییە بۆ لە قاڵبدان و خوێندنەوەی یەکجارەکی هونەری گێڕانەوە. لەو پێناسەیەی کە بۆ گێڕانەوەی دەکەین، وەک هەر بۆچونێکی بەرایی و ئەوەی دەشێت دەکەوێتە بەر سەرنج و ڕەخنەی فیکری و ئەدەبییەوە، بۆیە پێمانوایە گێڕانەوە بریتییە: لە گێڕانەوەی ئەو ڕوداوانەی پەیوەستن بە هەمو ڕۆژگارە جیاوازەکانەوە، بە تەکنیک و بژاری سەردەمی گێڕدراوە، کە گوزارشت لە زمانی بگێڕەوە دەکات بۆ گەیاندنی بابەتی پەیوەست بە گێڕانەوە، لە چوارچێوەی گەیاندنێکی هونەرییانەدا.

**-تەوەری دوەم:جۆرەکانی گێڕانەوە:**

پرۆسەی گێڕانەوە جەوهەرێکی مێژویی هەیە، بۆیە پەیوەندی نێوان گێڕانەوە و بگێڕەوە پەیوەندییەکی ئۆرگانییە هەرچەند ڕۆماننوس هەوڵبدات لە توخمی گێڕانەوە و دەوری کەم بکاتەوە، ناتوانێت بە تەواوی دەست لەوانە هەڵبگرێت، چونکە لە بناغەدا ڕۆمان و چیرۆک لەسەر بنەمای ئەو دو توخمە دادەمزرێن و هەتا ئەو دو ژانرە ئەدەبییە بەردەوام بن ئەو دو توخمەشیان تێدا دەمێنێت.[ئەلۆەنی:٢٠٠٤: ٧٢] جوانی و گرنگیی ڕوداو لە گێڕانەوەدا، ئەوەیە ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە، کۆمەڵێک سەرنج و ڕوانین لەلای خوێنەر دروست بکات، ئەمەش یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی کە دەبێت لە هەمو ڕۆمانێکدا هەبێت.

تۆماشیفیسکی ڕەخنەگری فۆرمخوازی ڕوسی دو جۆر شێوازی گێڕانەوەی دیاری کردوە، وەک: «گێڕانەوەی بابەتی (objectie) و گێڕانەوەی خودی (subjectie). لە گێڕانەوەی بابەتیدا، بگێڕەوە هەمو شتێک دەزانێت، تەنانەت درک بە بۆچونە نهێنییەکانی ناو مێشکی کارەکتەریش دەکات، بەڵام لە گێڕانەوەی خودیدا لە ڕێی بینینی بگێڕەوەوە بە دوای گێڕانەوەکەدا دەڕۆین»[الحمداني:٢٠٠٠: ٤٦] ئەم پرسە وەک دیاریکردنی جۆرەکانی گێڕانەوە لە ئەدەبدا وەک چەمکێکی جێگیر بۆ تەواوی ئەدەبی گەلانی دونیا یەکلاییبوەتەوە، بۆیە لە ئەدبی کوردیشدا ئەم تێگەیشتنە جێگیر کراوە و پەرەسەندنی تەکنیکی خۆی لە نێو چۆنییەتی گێڕانەوەکاندا دەبینێتەوە.

**أ- گێڕانەوەی بابەتی:**

گێڕانەوەی بابەتی، هەندێک جار پێی دەڵێن گێڕانەوەی «ڕاستەوخۆ، یان داستانی»[مندور:١٩٧٤: ١٨٧] ڕەگ و ڕیشەی گێڕانەوەی بابەتی بۆ داستان دەگەڕێتەوە، بۆیە لە گێڕانەوەی لاساییدا پێیدەگوترێت گێڕانەوەی «داستانی، یان ڕاستەوخۆ»[الساعدي:١٩٨٩: ٣٢] کاری بگێڕەوەی هەموشتزان تەنیا گواستنەوەی ڕوداو و هەواڵ بوە لە دەقەوە بۆ خوێنەر، بگێڕەوە بەشێک نییە لە ڕوداوەکان، ڕۆماننوس لەڕێی ڕاناوی کەسی سێیەمی نادیارەوە ئەم کردارە جێبەجێ دەکات. میشال بۆتور دەڵێت: «ڕاناوی نادیاری (ئەو) لە دەرەوە جێمان دەیلێت، بەڵام ڕاناوی (من)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

دەمانباتە ناو دەق و ڕوداوەکانەوە»[حاجی:٢٠٠٧: ٤٢] ڕۆڵی نوسەر بێلایەنانە دەبێت، کاتێک بگێڕەوەی بابەتی دەور دەبینێت، چونکە لە ڕێی وەسفی کارەکتەرەکانەوە ڕوداوەکان دەگێڕدرێنەوە، ئەو زانیارییانەی کە هەنە بە ورد و درشتییەوە لای بگێڕەوەی بابەتی دەستدەکەون، بەبێ ئەوەی پڕوشکێک بەرکەوتەی لە نێو واقیعەکەدا هەبێت.

لە گێڕانەوەی بابەتیدا، «کارەکتەر هیچ شتێکی شاراوەی نییە و تەنانەت ئەوەی کە دەبێ لە ناوخۆی دا بیشارێتەوە، حەکایەتخوان ئاگای لێیە و بۆ خوێنەرانی ئاشکرا دەکات»[ئەلوەنی:٢٠١٥: ٢٠]

لە گێڕانەوەی بابەتیدا دەردەکەوێت، کە بگێڕەوەی هەموشتزان لەدەرەوەی هەمو ڕوداوەکانە و دەسەڵاتی زانیاری بەسەر دۆخەکەدا هەیە.

**ب . گێڕانەوەی خودی:**

گێڕانەوەی خودی، گێڕانەوەی ڕوداوە لەڕێی بگێڕەوەیەکەوە کە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) بۆ گێڕانەوە بەکاردەهێنێت و لە زاری کارەکتەری سەرەکی، یان کارەکتەری گۆشە نیگاوە زانیاری لەسەر کەس و ڕوداوەکان پێشکەش دەکات.

«گێڕانەوەی ڕۆمان بە جێناوی کەسی یەکەمی تاک هەنگاوێکە دەبێ بە وردی و هۆشیارییەوە بەکاربهێنرێت، بۆ ئەوەی گێڕانەوەکە لە ڕێچکەی خۆی لانەدات، کە گێڕانەوەی خودییە»[وارین- ویلک:١٩٧٢: ٣٠٠] ئەو بۆچونە وەک پرسێکی تیۆری ئەرکی نوسەر گران دەکات، بۆیە ڕۆماننوس بە وردی کار لەسەر کاری گێڕانەوە دەکات، کاتێک گێڕانەوە لە سەر جێناوی (من) بۆ کەسی یەکەمی تاک پرۆسێسە دەکرێت، دەبێت هۆشیاریی ئەوەی هەبێت کە خوێندنەوەکە وەک بەرکارێکی یادەوەری نەکەوێتە بەردەست، چونکە گێڕانەوەی خودی لە ڕۆماندا جیاوازە لەوەی کەسێک یادەوری خۆی بگێڕێتەوە. بگێڕەوەی خودی تەنیا بۆی هەیە ئەو زانیارییانە بگێڕێتەوە کە لەلای کارەکتەری سەرەکی، یان کارەکتەری گۆشەنیگا هەیە، بۆیە پێیدەگوترێت، بگێڕەوەی هەمانشتزان. تینی گێڕانەوەی هەمانشتزان کەمترە لە تینی گێڕانەوەی هەموشتزان، بۆیە کاتێک بگێڕەوەی خودی ڕوداوێک دەگێڕێتەوە، تەواو نزیک دەبێتەوە لەو تواناییانەی کە کارەکتەری نێو ڕۆمان دەیگێڕێت.

لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا، لەڕێی کەناڵی بگێڕەوەی خودییەوە بەدوای ڕوداوەکان دەکەوین و لە هەمان کاتیشدا ئاشنای بابەتەکە دەبین. لەم دۆخەدا بگێڕەوە گێڕانەوەکە «بە زمانی قسەکەر کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە ئەنجام دەدات، کە ئەمەش وامان لێ دەکات هەست بە ئێش و ئازاری پاڵەوانەکان و کارەکتەرەکان بکەین و هەر لەگەڵیشیاندا بەشداری لە گێڕانەوەکەدا بکەین»[ئەلوەنی:٢٠٠٩: ١٩٦]

گێڕانەوەی خودی، کردارێکە لە ژیاننامە و ڕۆماندا ئەنجام دەدرێت، لە هەردوکیشیاندا تەکنیک و ڕێکاری تایبەت بەخۆیان هەیە، تەنانەت لەسەر ئاستی ئەدەبیشدا بە دو ژانری گرنگ هەژمار دەکرێن و ئاستێکی بەرزیان هەیە، تەنیا لە خاڵێکدا کە (مێژو)ە لە یەکتر جیادەبنەوە، «لە ژیاننامەدا نوسەر پەیوەست دەبێت بە زەمەنێکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

دیاریکراوەوە، کە ڕابردوە، بە شـــێوەیەکی زنجیرەیی و بەپێی مێژوی ڕودانی ڕوداوەکـان یەک لە دوای یەک ڕوداوەکان دەگێڕدرێتەوە، هەروەها لە ژیاننامەدا مامەڵە لەگەڵ شـــوێنە واقیعییەکاندا دەکرێت، بەبێ ئەوەی لە خەیاڵ و فەنتازیا نزیکببێتەوە، بەڵام لە ڕۆماندا نوســـەر پەیوەســـت نابێت بە یەک زەمەن و مێژووەوە، بەڵکە لێرەدا زەمەنی ڕابردو و ئێستا و تەنانەت داهاتوش ئیشیان تێدادەکرێت هەروەها خەیاڵ و فەنتازیا و بیری نوسەر تێکەڵ بە ڕێڕەوی گێڕانەوەی ڕوداوەکان دەبێت»[مەنتک:٢٠١٣: ١٤٣]

ڕۆمان پرســـێکی مێژویی نییە، تا نوســـەر ناچاری بنەماکانی یادداشـــتکردنی ڕوداوەکانی زەمەن و شـــوێن و دروســـتی واقیعەکە بێتەوە، بەڵکو ڕۆمان ژانرێکە جیاواز لە ژانری ژیاننامە، ئەگەر خەیاڵ و ئەندێشـــە نەبونایە، ئەســـتەم بو وەک ڕۆمان ســـود لە تەکنیک و کۆدە نادیار و گرێکانی نێو گێڕانەوە ببینین، چونکە ڕۆمان تەواو کار لەســـەر تەکنیک و زەمەنە جیاوازەکان دەکات، بۆیە زۆرجار لە خوێندنەوەی ڕۆماندا هەســـت دەکەین پێشـــبینییەک هەیە، کە ئەمەش قســـە کردنە لە زەمەنی داهاتو. لە ژیاننامەدا نابێ پێشـــبینی داهاتو بکرێت، چونکە ژیاننامە یەک زەمەنی هەیە، ئەویش زەمەنێکی مێژوییە و کۆتایی هاتوە.

## بەشی دوەم: پەیوەندییەکانی گێڕانەوەی خودی لە ڕۆمانەکاندا

### تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان گێڕانەوەی خودی و ڕۆماننوس

پەیوەندی نێوان گێڕانەوە و ڕۆماننوس پرســـێکی ئاڵۆزە، چونکە گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت، ئەمەش بابەتێکە لە ڕێی توێژینەوەی ئەکادیمییەوە ڕون دەبێتەوە، بەڵام کۆتـایی بە بـابەتەکە نـاهێنێت، توێژەرانی بواری گێڕانەوە بۆ ئەم بـابەتە ڕای جیاوازییان هەیە، هەندێک لە توێژەران پێیان وایە «حەکایەتخوان نوســـەری چیرۆک خۆیەتی، هەندێک لێکیان جیادەکەنەوە. هەروەها هەندێکی دیکە بە دەمامکی نوسەری دەزانن و دەڵێن حەکایەتخوان سێبەری نوســـەرە لە ناو دەقی چیرۆکدا»[ئەڵوەنی:٢٠١٥: ٩] بیرۆکەی ڕوداو کە ڕۆمانی لەســـەر بنیاتدەنرێت، بەشـــێوەیەک دەکەوێتە بەر سەرنجی خوێنەر و بە هۆشیاندا گوزەر دەکات، خوێنەر دەزانێت ئەوە نوسەر خۆیەتی قسە دەکات، چونکە ڕوداوەکانی نێو ڕۆمان وا دەکەونە بەرچاو کە زۆر لە ڕاستییەوە نزیک بن.

زۆر جاری وا هەیە تێکەڵبونێک لە نێوان بگێڕەوە و توخمەکانیتر دروســـــت دەبێت، وەک تزڤیتان تۆدۆرۆف دەڵێت: کاتێک هەســـــت بە بونی بگێڕەوە دەکەین، دەبێ دان بە هاوبەشـــەکەشـــیدا بنێین، کە خوێنەری نێو دەقی پێدەڵێن، بەڵام نابێ خوێنەری ناو دەق و خوێنەری ڕاســـتەقینە تێکەڵی یەکتربکرێن، وەک چۆن نابێ بگێڕەوە و نوســـــەر بە یەک کەس دابنرێن.[ژووڤ:٢٠١٢: ٤٩] ئەم بۆچونە ئەوەمان بۆ دوپاتدەکاتەوە، کە نابێت بگێڕەوەی خودی و ڕۆماننوس بەیەک کەس بزانین، وەک چۆن نابێت خوێنەری ناوەکی و خوێنەری دەرەکی بە هەمان شیوە تەماشابکرێن.

ڕوداو کە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا ڕودەدات، دەبێت بگاتە کەناڵێکیتر و زانیاری زیاتری لەســـــەر بڵاوببێتەوە، لەمەشـــــدا ڕۆمان دەوری کاریگەر دەبینێت. لە ڕۆمـاندا بگێڕەوە کە پێکهـاتەیەکی هونەری هەیە، دەبێتە کەنـاڵی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

گەیاندنی زانیارییەکان، ئەویش لە چوارچێوەی ئەو ڕێنماییانەی ڕۆماننوس ئاراستەی دەکات. سەرچاوەی بنیاتی ڕۆمان «واقیع و بیر و هزری ڕۆماننوسە، ڕوانینی ئەوە بۆ کێشەکانی ناو کۆمەڵگە»[ئەڵوەنی:٢٠١٧: ٣٣] بگێڕەوە نوێنەری ڕۆماننوسە، بۆ گێڕانەوەی ئەو واقیعەی لە دونیای دەرەوەدا هەیە و لەڕێی کارێکی هونەرییەوە لە نێو ڕۆماندا جێگیر کراوە، کەواتە ڕۆمان گێڕانەوەی دنیای دەرەوەی خۆیەتی، ئەم بۆچونەش پێچەوانەی بۆچونەکەی ئالان ڕۆب گریەیە، کە دەڵێت: ڕۆمان بەهیچ شێوەیەک ئامراز نییە، ڕۆمان شتێک نییە بە تایبەتی بۆ ئەنجامدانی شتێکی پێشوەختە و دیاریکراو، رۆمان بۆ خستنەڕوی یان وەرگێڕانی ئەو شتانە بەکارناهێنرێت، کە پێشتر هەبون، بەڵکو ڕۆمان خۆیەتی لە نێو خۆیدا، ڕۆمان دنیایەکە لە نێو خۆیدا لە پرسەکان دەدوێت و بەدوای خۆیدا دەگەڕێت. [جربیة(د.ت): ٤١]

لە کۆی ئەو خوێندنەوە و تێگەیشتنەی لای توێژەر و ڕەخنەگران هەیە، ئەوەیە، ڕۆماننوس بە کەمترین گۆشە لە نێو ڕوداوەکاندا دەردەکەوێت، ئەوەی نوێنەرایەتی پەیامەکانی ڕۆماننوس دەکات، ئەو بگێڕەوانەن، کە ڕۆماننوس خۆی بە شێوەیەکی هونەری ڕایاندەسپێرێت.

ئەو ڕۆمانانەی کە لە گۆشەنیگای بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە گێڕانەوە ئەنجام دەدەن، دنیابینیی نوسەر لەبارەی بیرۆکە و زانیارییەکانەوە پیشان دەدەن، زانیاری بگێڕەوەی هەمانشتزان لە ئاستی ئەو زانیارییانەیە کە کارەکتەرێک هەیەتی. کەواتە کارەکتەری سەرەکی چەقی تواناکانی بگێڕەوەی هەمانشتزانە، واتە بگێڕەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە کارەکتەری سەرەکی دەیزانێت.

ڕۆمانی (ورێنە و تارماییەکان)ی سەلاح عومەر، بە گێڕانەوەی خودی لەڕێی بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە ڕوداو و زانیارییەکان دەگوازێتەوە. ڕۆماننوس لەڕێی بگێڕەوە و کارەکتەرەکانەوە ئەو جیهانەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە گومان و تارمایی داگیریکردوە. نوسەر لەم ڕۆمانەدا سەبارەت بەو ناپاکی و چڵێسییەی مرۆڤ کە دژ بە ڕێسا و دابونەریتن، بۆچونی خۆیمان لە زاری بگێڕەوەی هەمانشتزان و کارەکتەری سەرەکییەوە بۆ ئاشکرا دەکات و لە زاری نازدارەوە دەڵێت:

((**لە دوورەوە بۆنی شتەکان دەکەم. بە چاکی بۆنی گوڵ و گوڵزار و دار و باخچەکە دەکەم. بۆنی شێ و بۆنی خواردن و ئاو و دیوار و باران و بۆنی خاک و بۆنی بن هەنگڵ و بۆنی دەسماڵ و کچ و ژن و پیاو دەکەم. لەودیو دیوارەکانەوە شتێ ڕوویدا هەستی پێ دەکەم، دەنگی هاوار و خشپەی مێرووله و مار و مێروو دەبیستم. دەزانم دەنگی چ زیندەوەرێکە. دەزانم ئەوە دەنگی گیانداری ماڵیە یا کێوی، زیانبەخشە، یا سوودبەخش، زۆر باش پیاوچاک و خراپ لێکدەکەمەوە. هەموو شتەکان دەبینم. لە بچووکترین بوونەوەرەوە بگرە تا گەورەترینییان**)) [عومەر٢٠١٧: ٣٢]. بگێڕەوەی خودی نوێنەرایەتی ئەو بۆچونە دەکات کە نوسەر ڕایسپاردوە، ئەو بۆچونەش هەمان ئەو بۆچونەیە کە (نازدار)ی کارەکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکە دەیزانێت، ڕۆماننوس لە زاری بگێڕەوەکەوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

پێمان دەڵێت، دونیای واقیعی پڕیەتی لە گومان و خراپەکاری، وەک ئاماژەیەک خوێنەر لەوە دڵنیادەکاتەوە کە خۆی گومانی لە هەمو شتێک هەیە و ئاگاداری هەمو شتێکی نێو ئەو جیهانە واقیعییەیە.

کارەکتەرە سەرکییەکانی ئەم ڕۆمانە تەواوی ئەو جیهانەمان بۆ دەگوازنەوە کە نوسەری ڕۆمان بە پارێزەوە چاودێری دەکات و هەمو شتێکی لا بوەتە ترس و گومان. (نازدار، ئومێد، فاتن) سێ کارەکتەری سەرەکین لە نێو ڕۆمانەکەدا، ئومێد هاوسەری نازدارە، چاوی ئارەزوی دەچێتە سەر فاتن، فاتن ئافرەتێکە لەگەڵ دایکێکی پیر دەژیت، لە پێناو ژیان و پەیداکردنی پارە، لە ناوچەی خۆیان باردەکەن و دەچنە بەغدا، فاتن ئافرەتێکی جوان و بەرچاو دەبێت و لەش و لارێکی گونجاوی هەیە، بۆیە بە ئاسانی کاری دەست دەکەوێت، دەچێتە دیسکۆ و ستەیج و دەست دەکات بە سەماکردن، دواتر دەڕوات بۆ مەلهاکان و لەگەڵ پیاوانی دەسەڵات و پارەدار دەست تێکەڵ دەکات، تا وای لێدێت بە هۆی چەند کێشەیەکەوە بەغدا جێدەهێڵێت، خۆی و دایکی دەگوازنەوە لای کچە پوری دایکی و بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ دەمێننەوە، بەڵام فاتن خۆی داوا لە کچە پوری دایکی دەکات کەسێکی باشی دەستکەوێت شودەکاتەوە، بۆیە فاتن شودەکات بە پیاوێک بە ناوی (حەمە عەزیز)، کە بە پانزە ساڵ لەخۆی گەورەتر دەبێت. نانەواخانەی هەیە و بە شێوەیەکی ئاسایی ژیان بەڕێ دەکات. فاتن لەگەڵ ماڵی ئومێد و نازدار دەبێتە هاوسێ، ئومێد چاوی دەکەوێتە سەر فاتن و بەردەوام بەدوایەوە دەبێت، فاتن ئەم هەواڵە بە نازداری هاوسەری ئومێد دەگەینێت، بەمەبەستی ئەوەی هاوسەرەکەی ئامۆژگاری بکات و لە کۆڵی بکاتەوە.

ڕۆمانی (دەفتەری پیرانی غەمناک)ی ماردین ئیبراهیم یەکێکە لەو ڕۆمانانەی بە گێڕانەوەی خودی پێدەکات، بگێڕەوەی هەمانشتزان دنیابینیی ڕۆماننوس سەبارەت بە دۆخی مرۆڤ، بەتایبەتی لە تەمەنی پیری و قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا زانیاریمان دەداتێ و لە زاری پیرە پیاوێکەوە دەڵێت:

**((چی تێدایە با ئەم شارەی ئێمەش ڕۆبێرت دینیرۆیەکی هەبێت؟ با ئەم گەڕەکەی ئێمەش خاوەنی عومەر شەریفێک بێت! پاشان ڕۆژێک بە فانیلەی عەلاگەوە سەیری ئاوێنە دەکەیت، ئۆف ڕۆبێرت دینیرۆکەمان پیر بووە، دەچیت قژت بۆیاخ دەکەیتەوە، هەموو ڕۆژێک ڕیش و سمێڵت دەتاشیت بۆ ئەوەی مووە سپییەکان دیار نەبێت، بەڵام خۆ تۆ ناڵێی لەبەر مووە سپییەکانمە، دەڵێیت من هەر حەزم لە پاک و خاوێنییە، ئیتر ئەم گێرمە و کێشەیە بەردەوام دەبێت تاکو ڕۆژێک خۆت دەبینیتەوە لە ماڵەوە بیجامەیەکی بێجیت لەبەردایە، کە خەتی قاوەیی تێدایە. چۆن ئەو بیجامەیە هاتە بەرت؟ لە کوێوە هات؟ کێ بۆی کریت؟ کەی کریت؟ خۆیشت نازانیت))**[ئیبراهیم٢٠٢٠: ١٦]

لێرەدا بگێڕەوە پیاوێکی پیری کردوەتە سەنتەری زانیارییەکانی خۆی، ئەم پیاوە پیرە لەڕێی خۆدواندنەوە، هەمو قۆناغەکانی ژیانمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەهەر قۆناغێکیدا ئاماژە بۆ ڕوداو و پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات، کە چۆن پێویستە لەگەڵ هەمو باردۆخەکان هەڵبکات. نوسەر پێیوایە مرۆڤ ڕوبەڕوی گەورەترین هێرشی ناڕەوا دەبێتەوە، کاتێک بەرژەوەندی بازرگانی، یاخود سیاسی دەبێتە بابەتی ڕۆژ و جیهان دەگرێتەوە، جا لەژێر هەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

ناوێک و پرسێک دابێت، ئامانج لێی پێکانی پرۆسەی سیاسی و بەدەستهێنانی گوژمەیەکی بێ شوماری ماددییە، هەمو ئەمانەش لەسەر خوێن و ئێسقانی هاوولاتی دەکرێت. نوسەر زیاتر ئەوە ڕون دەکاتەوە کە دەسەلاتی ئاسایشی جیهانی بۆ تەندروستی و خۆراک، فێلبازانە خەلکی بەتەمەنی کردوەتە ئامانج، بۆ ئەوەی کۆمپانیای خۆراک و داوودەرمان برەوی خۆی وەربگرێت و ڕەواجی زیاتری بکەوێتە سەر، ئەمەش دیوێکی سیاسی هەیە، چونکە ولات و تازە هەرێمەکان لە ڕوی سیاسییەوە لاوازن و پێویستیان بە پشتگیری و دیبلۆماسییەتی زیاتر هەیە، بۆیە ناچاردەبن پەیوەندی بەو ولاتانەوە بکەن، کە زۆرترین خۆراک و داوودەرمانیان پێ دەفرۆشن.

**تەوەری دوەم: پەیوەندی نێوان گێڕانەوەی خودی و کارەکتەر:**

کارەکتەر توخمێکی سەرەکی ڕۆمانە، لە بنیاتی ڕۆماندا ڕۆلی کاریگەر دەبینێت، لەڕێی ئەمانەوە ڕوداوەکان هەلکشان و داکشان بەخۆیانەوە دەبینن، هاوشان لەگەل توخمە سەرەکییەکانی دیکەی ڕۆماندا بە هەردو ڕوی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری دەخەنە سەر یەکتری و ژانری ڕۆمان بنیات دەنێن. فۆرستەر دەلێت: کارەکتەر لە کۆمەلێک وشەی کەلەکەبو پێکهاتوە، لەلایەن ڕۆماننوسەوە ناویان لێنراوە و توخمیان بۆ دیاریکراوە، شوێنی گونجاویان بۆ دیاری دەکات، ناویان لێدەنێت و بەکاری جوان و گونجاو ڕایاندەسپێرت.[فورستر:١٩٩٤: ٣٨] هەلسوکەوتی کارەکتەر دەبێتە هۆی ئەوەی ڕوداوەکان دروستببن، گرنگی ڕۆمان لە بنیاتی کارەکتەر و ڕوداوەکانەوە دەردەکەوێت، ئەمانەش هاوشانن لەگەل توخمی گێڕانەوە، لەڕێی بگێڕەوەکانەوە دەگەنە خوێنەر.

بەلای نوسەرانەوە بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمان و ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا (چیرۆک) بە نمونە جێگای بایەخ و گرنگی پێدان بوە، بۆیە تەنیا لە ڕێبازێکەوە بۆ ڕیبازێکی دیکە نا، بەلکو لە نوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی دیکەش جیاوازی هەبوە.[سابیر:٢٠٠١: ١٤١] بۆچون و پێناسەی جیاواز بۆ کارەکتەر لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دروستبو، کە بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکاندا بە جیاوازی دەرکەوت، ئەمەش بۆ ڕەهەندە فراوانەکەی ڕۆمان دەگەڕێتەوە، کە هاوئاهەنگە لەگەل ڕەوت و هەنگاوە نوێیەکانی ژیان و سەردەمدا. کەواتە ڕۆمان بەردەوام لە گۆڕان و نوێکاری دایە، بەمەش کارەکتەر پێشڤەچون و گۆڕان بەخۆیەوە دەبینێت.

ئەفلاتون لەبارەی (قارەمان)ی داستانەوە دەلێت: هونەر، بەتایبەتی شیعر کاریگەرییەکی خراپ دەخەنە سەر سروشتی مرۆڤایەتی، ئەویش لەڕێی ئەو نمونە نارێکانەی پێشکەشی دەکەن، شاعیر کەسایەتی خۆی لە نێو (قارەمانەکان)ی دیکەدا دەشارێتەوە، دەتوانێت شەڕانگێزی بەدەست بێنێت و ئاشوب بنێتەوە، لە کاتێکدا بە هەمان تەکنیکی دارشتنەوە دەتوانێت ببێتە لایەنی خێر و خۆشی [المیناوي:٢٠١٠: ١٧١] ئەفلاتون هەستیکردوە، لەڕێی ڕەفتاری (قارەمانەکان)ەوە، کە بیرۆکە و دارشتنی شاعیرەکانە لە نێو داستاندا، کاریگەریی نەرێنی دەخرێتە سەر خوێنەر و بۆخۆیان کەمەندکێشی دەکەن. لە کاتێکدا هەر ئەو شاعیر و نوسەرانە دەیانتوانی بەشێوەیەک دەقەکانیان دابرێژن کە ببنە مایەی خۆشی و کامەرانی بۆ کۆمەلگە، بۆیە ئەفلاتون بۆچونی نەرێنی بەرامبەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

شـــــاعیران دەردەبڕێت، كاتێک توانای كەســــێتی خۆیان لە نێو توانای (قارەمان)ی شــــەڕانگێزی دەقەكانیاندا دەشارنەوە.

ئەرستۆ كە خوێندكاری ئەفلاتون بوە، بە شـێوەیەكی جیاواز تەماشـای (ئەكتەر)ی لە شـانۆی تراژیدیدا كردوە، گرنگی زۆری بە ڕوداو داوە، پاشــان نوســەر بەگوێرەی پێویســتی (ئەكتەرەكان) هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ناوەڕۆكی دەقەكەدا بگونجێت. چنینی ڕوداوەكان گرنگن، چونكە تراژیدیا لاساییكردنەوەی (ئەكتەرەكان) نییە، بەڵكو لاسایی كردنەوەی كردەوە و ژیان و بەختەوەری و بەدبەختییە [ئەرستۆ:٢٠٠٤: ١٩٢] ئەم بۆچونەی ئەرستۆ لاواز كردنی (ئەكتەر)ە بەرامبەر بە ڕوداو، هەر بۆیەش تراژیدیای بە لاســـــاییكردنەوەی ئەوان دانەناوە، بەڵكو پێیوابوە تراژیدیا لاساییكردنەوەی دۆخ و ڕوداوەكانە، بەمەش (ئەكتەر)ی خستوتە خزمەت ڕوداوەكانەوە.

كارەكتەر دەورێكی دیاری لە ناساندنی كەسەكانی واقیعدا هەیە، ئەوە دەگێڕێتەوە كە كارەكتەر دەینوێنێت، بۆیە ڕۆماننوس تەنیا هەوڵی ئەوە نادات كارەكتەر لەڕێی وەســـفەوە بناســـێنێت، بەڵكو دەشـــیخاتە ژێر ئەو بارەوە كە لەگەڵ كەسایەتییەكانی نێو كۆمەڵگەدا بگونجێن. كارەكتەر توخمی هەرە گرنگی ڕۆمانە بەڕادەیەک كە دەكرێ بڵێین: «ڕۆمان بەبێ كارەكتەر نانوســـرێ. هەمو توخمەكانی دیكەی ڕۆمان بۆ ئەوە دادەمەزرێن بۆ ئەوەی كەســـــایەتی دەرونی و كۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی و ناوچەیی و ئاكاری ئەو دەربخەن»[ئەلۆەنی:٢٠٢١: ١٣]

لەبـارەی پەیوەنـدی گێڕانەوە و كـارەكتەرەوە هەنـدێک لە توێژەران پێیـان وایە، «نـاوبرێـک حەكـایەتخوان لە كارەكتەر جیادەكاتەوە و هەرچەندە ئەم دوانە لێكجیابن و ســـەربەخۆییان دیارتربێ ئەوا گێڕانەوەی چیرۆكەكە، هەروەها (ڕۆمـانەک)ە جوانتر و بە تام و چێژتر دەبێ و كەمتر نیشـــانەی دەســـتێوەردانی نوســـەر لە دەقی چیرۆكەكەدا دەردەكەوێـت»[ئەلۆەنی:٢٠١٥: ٩] زۆرجـار لە گێڕانەوەی خودییـدا لە چـاو گێڕانەوەی بـابەتیـدا خاوەنداریەتی واقیعی بە خوێنەر دەبەخشێت، ئەوەش لە ڕاستیبونی ڕوداوەكان نزیكمان دەكەنەوە.

ڕۆمـاننوس لە ڕۆمـانەكەیدا هەوڵدەدات بەرچـاوڕونی بداتە خوێنەر، بەو واتـایەی خوێنەر و كـارەكتەر بەیەک ئاشــنا دەكات، ئەوەش «بۆ قەناعەتپێكردن و تێكەڵكردنی هەســت و ســۆزی خوێنەرە لەگەڵ كارەكتەرەكانی نێو ڕۆمانەكەی، هەوڵی ئەوە دەدات وێنەی كارەكتەرەكانیان پێ ئاشــنا بكات، و لە ڕێی ڤەگێڕەوە ســەرجەم توخم و هونەرەكان بەكاربێنێت تاوەكو یارمەتیدەر بن لە وێنەكێشانی و دەرخستنی جیهانبینییان، ئەمەش لەڕێی دەرخستنی ڕەهەندەكانی كۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و دەرونی و ڕۆشـــنبیری كارەكتەرەكانەوە دەردەكەوێت»[كەریم:٢٠٢٠: ٢٤٤]

كارەكتەر گرنگییەكی دیاری لە ڕۆماندا هەیە، دەبێت لە گۆشـــەی ئەو توانایانەی نوســـەر بە كارەكتەری دەدات هەســـت بە گرنگییەكانی بكەین، بۆیە ئەو دەور و گرنگییەی كارەكتەر بەردەوام لە گۆڕان دایە، ئەمەش وایكردوە، ڕۆماننوســـان بەپێی بەرنامەكانیان كارەكتەر ئاراســـتە بكەن، «كارەكتەر وەک هەر مرۆڤێكی نێو ژیانی واقیعی لەســەر یەک شـێواز كردار و ڕەفتار نانوێنێ، بەڵكو بەگوێرەی ڕوداوەكان و پەرەســەندنی هەڵوێســتەكان، هزر و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

بیری دەگۆڕێ و لە یەک دۆخدا نامێنێ، بۆیە پەرەسەندن و گۆڕان دەبنە دو خەسڵەتی گرنگی کارەکتەری چالاک و زیندو» [ئەڵوەنی:٢٠٢١: لا١٠١] ڕۆماننوس دەیەوێت لە ڕێی کارەکتەرەوە ئەزمونی کەسایەتییەکانی نێو کەمەڵگە ئاشکرا بکات، لەڕێی ئەوانەوە ئەو ئەزمونە بە ئێمەی خوێنەر دەگەیەنێت.

لە گێڕانەوە و پەیوەندی بە توخمەکانی دیکەوە، کارەکتەر یەکەم پێکهاتەیە کە خوێنەر دەیبینێ و سەرنجی دەخاتە سەر، تا کۆتایی ڕۆمانەکە لەگەڵ کارەکتەر دەمێنێتەوە، کەواتە کارەکتەر ئاوێنەیەکە بگێڕەوە خۆی تێدا دەبینێتەوە، تا ئەو مەبەستانەی نوسەر لە جیهانی واقیعەوە دەیانگوازێتەوە نێو ڕۆمان بیانگەیەنێتە خوێنەر.

بەگوێرەی تیۆرەکانی گێڕانەوە، بەتایبەتی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، کارەکتەر دابەشی دو جۆر کراوە بەم شێوەیە:

- **کارەکتەری سەرەکی:**

کارەکتەری سەرەکی، ئەو کارەکتەرەیە کە زۆرترین ڕۆڵ لە ڕۆماندا دەگێڕێت و تا کۆتایی ڕوداوەکان لە نێو دەقەکەدا دەمێنێتەوە. لەڕێگەی کارکردن و هەڵسوکەوتەکانییەوە دەناسرێتەوە، هەر ئەمەش وادەکات، چالاکی زیاتر بێت، «کردار و هەڵوێست لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کارەکتەر باشتر بە دیاردەخەن و وا لە خوێنەر دەکات، کە هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی بەرامبەریان هەبێت، نەک ئەو وەسفانەی کە لەلایەن حیکایەتخوان، یان کارەکتەرەوە دەکرێن» [شێخانی:٢٠١٣: ١٧]

لە ڕۆمانی (وڕێنە و تارمایی) سەلاح عومەردا، کارەکتەرەکانی وەک (فاتن، نازدار، ئومێد، پڕشنگ) کە کاریگەری تەواویان لەسەر ڕوداوەکان هەیە تاکۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوام لە جوڵەدان، نازدار ڕوبەڕوی بارێکی دەرونی ناخۆش بوەتەوە، بەهۆی ئەوەی ئومێدی هاوسەری چاوی کەوتوەتە سەر فاتن، کە ژنێکی هاوسێیانە و شۆخ و شەنگە، بەردەوام بەدوایەوەیەتی، دوای ئەوەی نازدار ئەو هەواڵە دەزانێت لەگەڵ ئومێدی هاوسەری دوای چاوەڕوانییەکی زۆر بێ هیوا دەبێت و لێیان دەبێت بە کێشە، بۆیە نازدار وەکو جارانی پێشو ڕودەکاتەوە (پڕشنگ)ی هاوڕێی، ئەگەرچی لەویش بەتەمەنترە، لە خانویەکدا بە تەنیا دەژیت، دیارە پڕشنگ پێشتریش لە کاتی ڕەدوکەوتنی نازدار بە دوای ئومێدی دڵخوازیدا، فریای نازدار کەوتوە و پەنای داوە، پڕشنگ کارەکتەرێکی سەرەکییە تا کۆتایی لە ناو ڕوداوەکان بەردەوام دەبێت، نازدار ڕودەکاتە پڕشنگ و دەڵێت:

((**با ئێستە بێمە سەر ئەسڵی مەبەست پێت ڕابگەینم. ئیتر من و ئومێد تەواو، بڕیاری کۆتاییم ئەوەیە کە هەر یەکێکمان بەلایەکدا بڕۆین، خەتای منی تێدا نییە. خۆی کارەکەی بەو ئاستە گەیاند، ئەو وای ویست، دەنا وەکی دی من دەرفەتی زۆرم خستە بەردەمی. کەچی ئەو وەک نە بای دیبێ نە باران، خۆی نەبان کرد و پشتی لە هەموو شتێ کرد**)) [عومەر٢٠١٧: ٧٥] بگێڕەوەی خودی ئەم قسانەی لە زاری نازدارەوە بە ڕاناوی (من) گێڕاوەتەوە، واتە تەنیا ئەوەی گێڕاوەتەوە کە نازدار بۆ پڕشنگی باسکردوە، ئەم کارەکتەرە هەڵگری ناسنامەی ئەو ژنانەیە کە لە جیهانی واقیعیدا لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە ستەمیان لێ دەکرێت، توشی نەخۆشی دەرونی و کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، دەبینین بگێڕەوە دنیابینیی و مەبەستی نوسەرمان تا ئەو شوێنە بۆ دەگێڕێتەوە کە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

کارەکتەری ســەرەکی دەیزانێت و دەیڵێت، واتە گێڕانەوەکە بەشـێوەیەکی ڕاســتەوخۆیە، خوێنەر بەرەوخۆی کێش دەکات، گێڕانەوەکە بە جۆرێکە، ئەگەر خوێنەر بە وردی و هۆشــــیارییەوە دەقەکە نەخوێنێتەوە لێی تێکدەچێت، وا دەزانێت (نـازدار) بگێڕەوەیە و کـارەکتەر نییە، بەڵام لە بنچینەدا ئەوە بگێڕەوەیە بە ڕانـاوی (من) دەگێڕێتەوە و نازداریش کارەکتەری سەرەکییە.

لە ڕۆمانی (دەفتەری پیرانی غەمناک)ی (ماردین ئیبراهیم)دا باســی ژیانی پیاوێکی پیر دەکات، باســی هەمو ئەو ئازارانە دەکات کە ڕوبەڕوی پیاوێکی پیر دەبنەوە، باســی کۆمەڵگەیەک دەکات، کە پیرەکانیان لەلایەن دەســەڵات و شـارەوانییەوە فەرامۆش دەکرێن، بۆیە زۆر کەلتوری خێزانی ڕێگە بە خۆیان نادەن پیرەکان فەرامۆش بکرێن و لە داخوازییەکانیان بێبەش بکرێن.

پیاوە پیرەکە دەڵێت:

((**کچەزاکەم کە بە درێژایی ڕێگاکە خەیاڵی پەرت بوو، ماسکێکی لە دەمی بەستبوو و دەستکێشی لەدەستدا بوو، ئوتومێلەکەی لێدەخوڕی و سەیری ڕێگاکەی دەکرد، سەیری درەختەکان و پۆلیسەکانی دەکرد کە لەسەر سووچی کۆڵان و دوڕیانەکان وەستابوون، سەیری شاخەکان و هەورە پەرش و بڵاوەکانی دەکرد، جارجارە ڕووی بۆ من وەردەســوڕاند و لە ژێر ماســکەکەشــەوە هەســتم بە بزە بێگوناهەکەی دەکرد و دەیگوت باپیر هیچ نییە، خەمت نەبێت، هەمووی چەند ڕۆژێک دەخـایەنێت، ئەمەش تێدەپەڕێت**)) [ئیبراهیم٢٠٢٠: ١٣] (کچەزا و پیـاوی پیر) دو کارەکتەری ســــەرەکین لەو ڕۆمانەدا، ئەم دو کارەکتەرە چەقی هەمو زانیارییەکانی نێو ئەو ڕۆمانەن و تا کۆتایی ڕۆمـانەکە لەنێو ڕوداوەکـانـدا دەمێننەوە، کچەزاکە کـارەکتەرێکی نێو دنیـای ڕوداوەکـانی ڕۆمـانەکەیە و کۆمەکی کـارەکتەرێکیتر دەکـات کە پیـاوێکی پیرە، بگێڕەوەی خودی کە بە ڕانـاوی (من) ڕوداوەکـان دەگێڕێتەوە، تەواوی زانیارییەکانی خۆی لەو کارەکتەرە وەردەگرێت کە پیاوە پیرەکەیە، ئەمەش بۆ کارزانیی نوسەر دەگەڕێتەوە کە دو کـارەکتەر بەیەکەوە ڕوداوەکـان دەجوڵێنن، بەڵام بگێڕەوە لێرەدا تەنیـا زانیـاری لە یەکێکیـانەوە وەردەگرێ و بۆخوێنەری دەگێڕێتەوە.

کارەکتەری ســەرەکی بوەتە چەقی گەیاندنی ڕوئیا و مەبەســتەکانی ڕۆماننوس، چونکە کارەکتەر هەڵگری هەمو ئەو ئاکارانەیە کە لە کەسەکانی جیهانی واقیعیدا هەن.

- **کارەکتەری لاوەکی:**

کاتێک باســــی کارەکتەری لاوەکی دەکرێت واتای ئەوە نییە کە هیچ ئەرک و کاریگەرییەکی بەرچاوی لە نێو ڕۆمـانـدا نییە، بەڵکو لاوەکی بونی ئەو جۆرە کـارەکتەرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لە کەمترین پـانتـایی ڕوداوەکـان دەردەکەوێت، بەڵام ڕۆمـان بەبێ بونی کارەکتەری لاوەکی دەقێکی کرچ و کاڵ دەبێت، بۆیە ڕۆماننوســــی وریا ڕێژەیەکی زۆر لەم جۆرە کـارەکتەرە لە نێو پرۆژەکەیـدا جێ دەکـاتەوە، چونکە کـارەکتەری لاوەکی لە پـاڵ کارەکتەری ســەرەکی پرۆســەی گەیاندنی زانیاری و دنیابینیی ڕۆماننوس تۆکمە دەکات، واتە کارەکتەری لاوەکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

تەواوکەری کارەکتەری سەرەکییە لە گێڕانەوەدا. [عبدالمحسین:٢٠١١: ٤٤] کارەکتەری لاوەکی لە نێو ڕۆماندا ڕۆڵی بەرچاودەگێڕێت، کاتێک خوێنەری ڕۆمان دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکە دەکات، ڕۆڵی هەردو کارەکتەرەکەی بۆ دەردەکەوێت، چونکە توانا و هزری کارەکتەری لاوەکی تەواو جیاوازە لە توانا و هزری کارەکتەری سەرەکی، بەمەش کاری پێکەوەیی دروست دەبێت، واتە کارەکتەری لاوەکی هاوکار و یارمەتیدەری کارەکتەری سەرەکی دەبێت، تا بتوانن دنیابینیی نوسەر لەڕێی بگێڕەوەوە بگاتە خوێنەر، کەواتە پەیوەندییەکی دیار لە نێوان کارەکتەری لاوەکی و بگێڕەوەدا هەیە، ئەمەش کاری هونەری ڕۆمانەکە و توانای ڕۆشنبیریی کارەکتەرەکان پیشان دەدات.

لە ڕۆمانی (وڕێنە و تارمایی) سەلاح عومەردا، کۆمەڵێک کارەکتەری لاوەکی بەرچاودەکەون، وەکو (دایک و باوک و براکانی نازدار، دادوەر و حکومەت و عەریزەنوس و دادنوس و خەڵکی گەڕەک و کۆڵان و ناسیاو و خزم و کەسوکاری هەردولا و حەمە عەزیزی هاوسەری فاتن)، ئەم کارەکتەرانە کەمترین ڕۆڵیان لە نێو ڕوداوەکاندا هەیە، بەڵام بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی ژیان و یادەوەریی کارەکتەرە سەرەکییەکان، بۆیە ئەمانە دەبنە پاڵنەرێکی واتایی بۆ ئەوەی کارەکتەری سەرەکی باشتر پانتایی ڕۆمان بگرێتەوە، لە ڕوداوەکاندا بەردەوام بێت.

بگێڕەوەی خودی لە زاری نازدارەوە دەڵێت: ((**بەخوای خەتای منی تێدا نەبوو، چونکە من دەمگوت کوڕە پیاوی چاک بە، با دەنگمان دەرنەچێ و خەڵک پێمان نەزانێ. کەچی ئەو پتر دەنگی بەرز دەکردەوە، و توندتر هاواری دەکرد. دەیگوت گوو بە ڕیشی باوکی ئەو کەسەی پێی ناخۆشە و حەز بە چارەمان ناکات. کاتێ پلانەکە جێبەجێ بوو هەموو شتێ دەبڕێتەوە. خۆ جیتر ماڵە خۆیان لای خەڵک بە کەم نازانن. باوکیشم لە گۆڕەکەی دەحەسێتەوە. براکانم سەربەرز لە ناو خزم و ناسیاو و دەر و دراوسێ دەسوڕێنەوە. دەڵێن سەرشۆڕییەکەمان سڕایەوە. ئێستا خۆمان بە مرۆڤ دەزانین. ئێستا هەین. کەس ناتوانێ پێمان بڵێ کچەکەیان ڕەدوو کەوتووە**)) [عومەر٢٠١٧: ٩٢]

(من)ی بگێڕەوە چاوی کەوتوەتە سەر کارەکتەری سەرەکی تا بزانێت چی دەڵێت، (نازدار و پرشنگ و ئومێد) سێ کارەکتەری سەرەکین، نازدار گرژی و ناخۆشی نێوان خۆی و ئومێد بۆ پرشنگ باس دەکات، کە کێشەکەیان گەیشتوەتە ئەوەی هیچ واتایەک بۆ هاوژینییان نەماوەتەوە، بۆیە دەبینین نازدار گرنگی کەسانێک دێنێتەوە ناو ژیانی خۆی و لە بیرەوەرییەکانیدا هێشتان بۆنی دڵنەواییان لێدێت. کارەکتەرە لاوەکییەکانی وەک (دایک، باوک، براکان) دەبنەوە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی نازدار دوا بڕیاری خۆی لە بەرامبەر ئومێد بدات، دەیەوێت چارەنوسەکەی بە بڕیارێک یەکلایی بکاتەوە، لەبەرامبەر ئەمەدا باوکی لە گۆڕەکەی ئارام دەبێت و دایک و براکانی لە نێو خەڵک و خزم و ناسیاوەکاندا سەرفراز دەبن و چیتر هەست بەوە ناکەن کچەکەیان ڕەدوی پیاوێکی قوتەبنەی خوێڕی کەوتوە.

کارەکتەری لاوەکی لە یادگەی کارەکتەری سەرەکیدا دەبێتە پاڵنەرێک، تا ئەو شوێنەی کارەکتەرە سەرەکییەکە ئامانجەکەی دەپێکێت، دواتر کارەکتەرە لاوەکییەکان دەکشێنەوە و هیچ دەورێکیتر نابینن، ئەمەش تەکنیکێکی وردە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

لەلایەن ڕۆماننوســەوە جێبەجێکراوە، بۆ ئەوەی بتوانێت کەسـایەتییەکانی دنیای واقیعی لەڕێی کارەکتەری لاوەکی ڕۆمانەکەوە بنوێنێ، ئەمەش دەبێتە دەریچەیەک بۆ ئەداکردنی دنیابینیی ڕۆماننوس.

لە شــوێنێکی ڕۆمانی (دەفتەری پیرانی غەمناک)ی (ماردین ئیبراهیم)دا ناوی (دایک) وەک کارەکتەرێکی لاوەکی دەکەوێتە بەرچاو، دایک دەبێتە چەقی زانیاری بۆ کارەکتەری ســەرەکی، تا بتوانێت زانیاری لە بارەی شــتێکەوە بەدەست بێنێت، دواتر ئەم کارەکتەرە هیچ ڕۆڵێکی تری نامێنێت.

پیرە پیاوەکە لە زاری دایکییەوە باســی ســاڵی لە دایکبونی خۆی دەکات و بگێڕەوەی خودی بەم جۆرە بۆمانی دەگوازێتەوە و دەڵێت: ((**نازانم لە چ ساڵێک لە دایک بووم، بەڵام بە پێی کنە و بەدواداچوونی خۆم بۆم دەرکەوتووە کە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە دایک بووم، دایکم پێش مردنەکەی هەموو شــتەکان لە مێشـکیدا تێکەڵاو بوون، ڕۆژێک دەیگووت ئەو ساڵەی قازی موحەمەدیان بە دارێدا کرد تۆ ساوا بوویت، ڕۆژێک دەیگووت کە بارزانییەکان چوونە ڕووسـیا تۆ شـیرە خۆرە بوویت، ڕۆژێک دەیگووت کە چوار ئەفســەرەکەیان لە سـێدارە دا تۆ گاگۆڵکێت دەکرد. ئیتر بە ئەژمار کردنی ساڵەکان و ئەو ڕووداوانەی بە بیرم دەهاتن تێگەیشتم لەسەروبەندی دروستبوون و ڕمانی کۆماری مهاباد دا لە دایک بووم**)) [ئیبراهیم٢٠٢٠: ١١] بگێڕەوەی خودی بە ڕاناوی (من)ی کەســی یەکەمی تاک زانیارییەکان لە کەسێک وەردەگرێت پێیدەڵێن پیاوی پیر، کە ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی دەبینێت، ئەم کارەکتەرە باســی خۆی بۆ کۆمەڵە کەســێک دەکات و زانیاری ڕۆژی لەدایکبونی خۆی لەســەر زاری (دایک)یەوە ئاشکرا دەکات.

لەلایەن ڕۆماننوســـــەوە، (دایک) ڕۆڵی کارەکتەری لاوەکی پێدراوە، چونکە ئەو کارەکتەرە دوای ئەوەی ئەرکە پێویسـتەکەی خۆی جێبەجێ دەکات، لە نێو ڕوداوەکان دیارنامێنێت، ئەم تەکنیکەش ڕۆمان دەباتە پێشــەوە، چونکە خوێنەر چاوی دەکەوێتە ســەر کارەکتەرەکان، تا بزانێت ڕوداوەکان چییان بەســەردێت، دوایی بۆی دەردەکەوێت ڕۆڵی کارەکتەری لاوەکی لەو خاڵە کۆتایی هاتوە و کارەکتەرێکی دیکەی لاوەکی بە خاسـیەت و ئەرکی جیاوازەوە لە تەنیشــت هەمان کارەکتەری ســەرەکی دەرکەوتوە، کەواتە کارەکتەری ســەرەکی چەقی ئەو زانیارییانەیە کە دیگەینێتە خوێنەر، بەمەش پرۆسەی دەق دەچێتە پێشەوە.

**- تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان گێڕانەوەی خودی و بگێڕەوە**

گێڕانەوە پرۆســـەیەکی جەوهەری ڕۆمانە، پەیوەندی لەگەڵ هەمو توخمەکانی ڕۆماندا دروســـت دەکات، ئەم پەیوەندییەش لەسەر بنەمای پێویستییە بە یەکتر. لە ڕۆماندا هەر تەکنیکێک ئاستی جیاوازی هەبێت و پەیوەندی بە لایەنەکانی دیکەی ڕۆمـانەوە هەبێت، گێڕانەوە یەکێک دەبێت لەو توخمـانە کە پەیوەندی تەکنیکی بەیەکەوەیـان دەبەستێتەوە، چونکە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەتوانین زیاتر درک بە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی ڕۆمان بکەین لەچاو لایەنە هونەرییەکانی دیکە. [ســـویدان:١٩٨٦: ٢٧١] ئەم پرۆســـەیە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە گرنگیی گێڕانەوە دەکەوێتە ســەر ئەو مەزراندنە هونەرییەی ڕۆماننوس لە کاتی دارِشـتنی ڕۆمانەکەدا جێبەجێی دەکات، گێڕانەوەش



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

توخمێکە تەنیا نییە، بەڵکو ســەر بە خێزانێک توخمی دیکەیە، بەو واتایەی هیچ توخمێکی گێڕانەوە بەبێ ئەوی دیکە ناتوانێت پرۆســـەکە بەڕێوەببات، کەواتە پەیوەندییەکی ڕێکخراو و ئۆرگانی لە نێوان ئەو خێزانەدا هەیە، کە کۆی توخمەکانی تێدا کۆبوەتەوە.

زەمەن ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە بەسستەم کردنی پرۆژەی گێڕانەوە، چونکە «هەر چیرۆکێک دو زەمەنی جیاواز لەخۆیدەگرێت: یەکەمیان زەمەنی حەکایەتە، کە پەیوەندی بە ڕابردوی کارەکتەر و ڕوداوەکانەوە هەیە، کەچی دوەمیان زەمەنی گێڕانەوەیە و پەیوەندی بە حەکایەتخوانێکەوە هەیە کە کاری گێڕانەوەی ئەو بەســـەرهاتانە لە ئەســـتۆ دەگرێت، کە لە زەمەنی ڕابردودا ڕوبەڕوی کارەکتەرەکان بوەتەوە.» [ئەڵوەنی:٢٠١٥: ٢٩] خوێنەر لە خوێندنەوەی ڕۆماندا، لە نێو ڕوداوەکاندا ڕوبەڕوی گرفتی تێگەیشـــتن دەبێتەوە لەبەرامبەر ئەوەی کارەکتەر بگێڕەوەیە، یان کەســـێکی دیکەیە بە ناوێکی دیار، یان ڕاناوی جیاواز دەبێتە بگێڕەوە. بەشـــێکی توێژەرانی بواری گێڕانەوە، پێیان وایە بگێڕەوە و کارەکتەر دو توخمی جیاوازن، هەریەکەیان ئەرکی جیاواز دەبینن، زۆرجار بگێڕەوەی خودی لەڕێی ڕاناوی (من) لە پشت تەکنیکی گۆشەنیگاوە دەبینرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەرکی بگێڕەوە و کارەکتەر تێکەڵ بێت و بە ئاســـانی لە یەکتر جیانەبنەوە، ئەگەرنا لە بنچینەدا بگێڕەوە و کارەکتەر دو ڕوی جیاوازیان هەیە و هەریەکەیان ئەرکی جیاواز دەبینێت. ڕاستە بگێڕەوەی خودی ئەوە دەگێڕێتەوە کە تەکنیکی گۆشـــەنیگا لە بارەی کارەکتەرەکانی دیکەوە باس دەکات، بەڵام جیاوازی ئەوانە لە گێڕنەوەکەدایە، وەک دەبینین بگێڕەوەی خودی ڕوی لە خوێنەرە، واتە ڕوی گێڕانەوەی ڕوداوەکانی بۆ کەناڵی ســـێیەمە (وەرگر)، بەڵام ڕوی گێڕانەوەی تەکنیکی گۆشـــەنیگا ڕوی لە نـاوەوەی ڕۆمـانەکەیە، واتە ژینگەی کۆمەڵایەتی گێڕانەوەی تەکنیکی گۆشەنیگا لە نێو ڕۆمانە، تەکنیکی گۆشەنیگا هاوتەریب لەگەڵ بگێڕەوە ڕوی لە خوێنەرە.

بگێڕەوە لە ڕۆماندا توخمێکی زمانییە، واتە تارماییەکە لە نێو ڕوداوەکانی ڕۆماندا ئەرکی گێڕانەوە جێبەجێ دەکات، «بگێڕەوە، ئەو کەسێتییەیە کە لە وشە دروست دەکرێت و تەنیا لەناو ڕوداوەکانی ڕۆماندا هەناسە دەدات، بەڵام ڕۆماننوس تەنێکی ســروشــتی هەیە و لە ئێسـقان و خوێن پێکهاتوە» [یوسـا:٢٠٠٥: ٤٥] ئەمە ئەو هێڵەیە لە نێوان ڕۆماننوس و بگێڕەوەدا دەکێشـــرێت، واتە بگێڕەوە پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆی دەبێت لەگەڵ ڕوداوەکاندا، گێڕانەوەکەش لەڕێی ئەو ڕاناوانەوە دەبێت کە ڕۆماننوس بەگوێرەی پێویســـتی لەناو ڕوداوەکاندا دەیانمەزرێنێت. بۆیە دەبینین ئەوە دەنگی ڕۆماننوســـە لە نێو ڕوداوەکاندا دەبیســـترێت، بەڵام ئەوە بگێڕەوەیە ڕاســـتەوخۆ، یان بەشـــێوەیەکی زنجیرەیی لەڕێی تەکنیکی گۆشـــەنیگاوە دنیابینیی ڕۆماننوس بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. (هایدن وایت) دەڵێت: دەنگی گێڕانەوە دەنگێکی دەسەڵاتدارە، کەواتە بگێڕەوە چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئێمە هیچی لێ نازانین، ئێمەی خوێنەر بە چیرۆکەکە ئاشـــنانین، بۆیە چاوەڕێ دەکەین تا بگێڕەوە تەواوی ئەو زانیارییانەی دەیزانێت بیگێڕێتەوە. [ریکور:١٩٩٩: ٢١٩] لە گێڕانەوەی خودیدا، بگێڕەوە لەڕێی ڕاناوی (من)ی کەســـی یەکەمی تاکدا،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەو زانیارییانەی بگێڕەوەی هەمانشــتزان دەیگێڕێتەوە «هاوئاســتی زانیاری کارەکتەرەکە دەبێ و بۆی نییە لەوە زیاتر بزانێ کە کارەکتەرەکە دەیزانێت» [ئەڵوەنی:٢٠١٨: ٦١].

پەیوەنـدی گێڕانەوە بەبگێڕەوەی خودییەوە تەونی زۆری هەیە، ئەمەش بەســــتراوەتەوە بەو جۆرە تەکنیکەی ڕۆماننوس لەناو ڕۆماندا پراکتیزەی دەکات، چونکە تا تەکنیکی گۆشـــەنیگا زیاتر بێت و پانتایی ڕوداوەکان فراوان بن ئەرکی بگێڕەوەی خودی ئاڵۆزتر دەبێت، لە ســۆنگەی ئەو کارەکتەر زۆرییەی نێو ڕۆمان، ڕەخنەگران پێیانوایە کارەکتەریش بەشێکی زانیارییەکان دەگەیێنێتە خوێنەر، بەڵام ئەم بۆچونە بەلای هەندێک لە ڕەخنەگرەکانەوە دەبێتە جێگەی ســەرنج، بەڵکو «حەکایەتخوانە لەڕێی ڕاناوی (من)ی کەســی یەکەمی تاکەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات و لەباتی کارەکتەرەکە باســـــی ڕوداو و بەســــەرهاتەکان دەگێڕێتەوە» [ئەڵوەنی:٢٠١٥: ٣٢] کەواتە ڕاناوی (من) ســیمایەکی ئەفســوناوی هەیە و دەتوانێت خوێنەر هەڵخەڵەتێنێت، بەوەی کە وا بزانێت کارەکتەریش ڕۆڵی بگێڕەوە دەبینێت.

مرۆڤ بەشــێکی دیاری ژینگەی کۆمەڵایەتییە، بۆیە بەشــی گەورەی لەو ڕوداوانەی لە ژیانیدا دێنە پێشــەوە بەر دەکەوێت، تا ژیان ئاڵۆزتر بێت، کێشــە و گرفتەکانی مرۆڤیش زیاتر دەبن، بۆیە مرۆڤ لە هەمو ســـاتەکانی ژیانی واقیعیدا ناتوانێت ئەو ڕوداوانە وەک خۆی و بە تەواوی بگێڕێتەوە، ئەم هاوکێشــــەیە بۆ ڕۆماننوســــیش لە دنیای ڕۆماندا دێتە پێشــــەوە، چونکە ڕۆماننوس ناتوانێت وەک خۆی هەمو بەســــەرهاتەکانی ژیانی واقیعی بێنێتە نێو ڕۆمانەوە، لەبەرئەوە هەوڵدەدات هەندێک لە ڕوداوەکان وەک خۆییان بگێڕێتەوە، و هەندێکیشــیان کورت دەکاتەوە، بۆیە «تەکنیکەکانی خاوکردنەوە و خێراکردنەوە و وەســـتان و هاوتەریبی، ڕۆڵێکی گەورە لە دامەزراندنی زەمەنی گێڕانەوەی ڕۆماندا دەگێڕن و ئەمەش وایکردوە ڕەخنەگران بایەخێکی زۆریان پێبدەن و بەوردی توێژینەوەیان بۆ بکەن» [ئەڵوەنی:٢٠١٧: ١٧٧]

گێڕانەوە پرۆســــەیەکی تەکنیکی کاریگەرە، چونکە تاکە کەناڵە دەتوانرێت ڕوداوەکانی پێدا بگوازرێتەوە، ئەوەی گێڕانەوە بە بگێڕەوەوە دەبەســــتێتەوە ئەو تەکنیککارییەیە کە ڕۆماننوس بە مەبەســــتی گەیاندنی دنیای واقیعی بەسەر بگێڕەوەکاندا جێبەجێیان دەکات. کەواتە بگێڕەوەی خودی ئەرکی گێڕانەوەی ئەوە ڕوداو و زانیارییانەیە کە تەکنیکی گۆشەنیگا دەیانزانێت و دەیان بینێت.

لە ڕۆمانی (دەفتەری پیرانی غەمناک)ی (ماردین ئیبراهیم)دا هاتوە: ((**پەتێکی درێژیان لە تابووتەکە بەســتبوو و لە دوو لاوە لە دوورەوە بۆ ناو گۆڕەکە دایاندەهێشــت. مقۆ مقۆی گومان و قســەڵۆکەکان دەربارەی مردنەکەی کە ئایا پەتاکە هۆکار بووە، یان جەڵدەی دڵ چەند ڕۆژێک دوای مردنەکەشـــــی بەردەوام بوو. بەڵام دەرکەوتنی نیشـانەکان لە خزمەکانی و دراوســێ و ناســیاوەکانی، پاشـتریش لەو کەسـانەی بەرکەوتنی لەگەڵیاندا هەبوو؛ ئیتر بەڕێوەبەرایەتی تەندروســتی شــارەکەی ناچار کرد ڕێوشــوێنی زیاتر بگرێتە بەر و دواتریش وەزارەتی ناوخۆش هاتە ناو کارەکەوە، هەموو ئەو پەرەسـەندنانە گەیشتنە شوێنێک بە تەواوی هاتوچۆ قەدەغە کراو فەرمان دەرچوو**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

**دەبێت هەمووان لە ماڵەکانی خۆیاندا بمێننەوە و سـەرئەنجام کەرەنتینە کردنی شـارەکەی بە دوادا هات، بەڵام ئەو کاتە من لە شـارەکە نەمابووم))** [ئیبراهیم٢٠٢٠: ٨-٩] گێرانەوەی ڕوداوەکان لەم دەقەدا پانۆرامین، چونکە خوێنەر لە نێوان کارەکتەر و نوســەردا تێدەمێنێت، ئەوەندە لە قوڵایی ڕوداوەکان ڕودەچێت، وا هەســت دەکات خۆیەتی لە نێو ڕوداوەکاندا، بەم جۆرە خوێندنەوەیەش خوێنەر لایەنی ســۆزدارییەکەی بەســەردا زاڵدەبێت، بۆیە نازانێت کە ڕوداوەکان لەلایەن بگێڕەوەی خودی هەمانشتزانەوە دەگێڕدرێنەوە.

کارەکتەری ســەرەکی کە لە ڕۆمانەکەدا بە (پیاوی پیر) ناوی ڕۆیشــتوە، ڕوداوەکان بۆ ناوەوەی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە، کارەکتەرەکانی دیکەی لێ ئاگاداردەکاتەوە، بەڵام لەپاڵ ئەم کارەکتەرانەدا بگێڕەوەی خودی هەیە و تەواوی ئەو زانیارییانە بە خوێنەر دەگەیێنێت.

ڕۆماننوس باســی دونیای خوازەیی دەســەڵات و ســیناریۆکانی بەڕێوەبردنی دەســەڵات دەکات، کە چۆن لەژێر ناوی جیاواز و هۆکاری نەخۆشــی جیاوازدا، پاراســتن و ســەلامەتی ژیانی خەڵک دەکاتە هۆکار بۆ ئەوەی هەمو خەڵک لەژێر پاســاوی خۆم دەپارێزم تا ئازیزانم لەدەســت نەدەم، بۆ ماوەیەکی زۆر هەمو خەڵکیان داکردە ماڵ و ژورەکانیانەوە. دنیابینیی نوســەر بۆ تەواوی جیهان و بەتایبەتی دەســەڵاتی کوردی لەڕێی کارەکتەر و بگێڕەوەوە دەخرێتەڕو، ئەمەش دنیای ئەدەبە کە ڕوە جوان و کرێتەکانی جیهانی واقیعیمان بۆ لەخۆدەگرێت.

ســەلاح عومەر لە ڕۆمانی (وڕێنە و تارماییەکان)دا ســەرنجمان بۆ کێشــە باوەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی ڕادەکێشــێت، ڕۆماننوس تەنیا ئەوە پیشــان نادات کە لە جیهانی واقیعیدا ئەوەی تاوان دەکات و ئەنجامەکەی چی دەبێت، بەڵکو باسی سکاڵای تاوانلێکراویش دەکات، کە چۆن سکاڵاکەی دەگەیێنێتە لایەنی فریادرەس، بێئاگا لەوەی کە ئەم جۆرە سکاڵایە دەبێتە هۆی کێشەی گەورەتر و تێکچونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە.

لەبەرئەوەی ئومێدی هاوســەری نازدار داوای ســەرجێی لە فاتنی ژنی حەمە عەزیز دەکات و ئەمیش بەو داوایە ڕازی نابێت، بۆیە دەچێتە لای نازدار و تەواوی ئەو بابەتەی لای ئاشکرا دەکات، بگێڕەوەی خودی لە زاری فاتنەوە کە قسە بۆ نازدار دەکات دەڵێت: ((**بریا بە زمانی سووتاوم نەم درکاندبا. نازانم چی دەبوو ئەگەر خۆم بگرتبا. پێم وایە باشــتر بوو لە دڵی خۆمی بهێڵمەوە. بمبوورە. بەڵام چی بکەم، ئەو بەوەش نەوەســتا و چەند جارێکی دیش دەرگای لێگرتمەوە. ناچاری کردم بێمە لای تۆ و ســکاڵای حاڵی خۆمت لا بکەم. گوتم تا مەســەلەکە گەورەتر نەبووە، یا کەتنێکی نەکردووە، پێت بڵێم. ترســام بیکاتە بەزمی خۆی و وازم لێ نەهێنێ. ئێ خوشــکم تۆ پێم بڵێ چیم بکردبایە باش بوو. ئێســتاش تۆ چی بڵێی من وا دەکەم . تۆ حەکەم بەو بڕیارێش با هەر لای خۆت بێ، من تەماشای دەمی تۆ دەکەم. هەرچیت گوت من ڕازیم**)) [عومەر٢٠١٧: ١١٩]

نوسەر دەیەوێت لەسەر خاڵێک هەڵوەستە بکات، ئەویش لایەنی سکاڵاکردنەکەیە، کە پێیوایە تاوانلێکراو زۆرجار نازانێت سکاڵای خۆی بگەیێنێت و لەلای کێ سکاڵا بکات، ئەمەش ئاکامی خراپ و پەرتبونی خێزانی و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە. نوســەر ورد و هۆشــیارانە ئەو دیمەن و دیاردەیە لە دنیای واقیعییەوە گواســتوەتەوە نێو دنیای



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

ڕۆمانەكە و لە ڕێی كارەكتەرەكانەوە كە نوێنەری كەســـــانی ژیانی واقیعین وێنەیەكی ژیانی كۆمەڵایەتی خەڵكی كوردستانمان پیشان دەدات.

**ئەنجام:**

لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەوە بە چەند ئەنجامێك گەیشتین.

- ✓ هەردو ڕۆماننوس، بگێڕەوەی هەمانشـــــتزانیان وەک ئامرازێک بەكارهێناوە، بۆ ئەوەی گەمەی هونەری و واتاییەكانی نێو گیرانەوەكانییان پێ بســـپێرن و خۆشـــیان بەشـــێوەیەكی دیار و ئاشـــكرا لە دەقەكاندا دەرنەكەون. ئەگەرنـا بگێڕەوە پێكهـاتەیەكی خەیـاڵییە و نـاتوانێت تۆڕی گێڕانەوەكـان ڕێكبخـات و گەمە هونەرییەكان ئەنجام بدات. واتە بگێڕەوە نوێنەری ڕۆماننوسە لە دەقەكاندا.
- ✓ هەردو ڕۆماننوس بەگوێرەی شـێوازی گێڕانەوەی خودی و بە پشـت بەسـتن بە گۆشـەنیگای بگێڕەوەی هەمـانشـــزان و بە ڕانـاوی (من)، زۆربەی ڕوداوەكـانیـان گێڕاوەتەوە، بەڵام هەنـدێكجـار ڕۆمـاننوس بێ بوارڕەخساندن هەندیک ڕوداوی بە گۆشەنیگای بگێڕەوەی هەموشتزان پێشكەش كردوە.
- ✓ لەڕوی واتاییەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە، كە بگێڕەوە ڕۆڵی لە گواسـتنەوەی دنیابینیی هەریەک لە نوسـەر و كارەكتەرە ســـــەرەكی و لاوەكییەكانی نێو ڕۆمانەكاندا هەبوە و بۆ ئەوەی ڕۆمـاننوس دنیابینیی خۆی و كارەكتەرەكانی نێو ڕۆمان سەبارەت بە پرسە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەكان بخاتەڕو، پەنای بۆ گێڕانەوەی خودی بردوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

# a personal narration of (Wrena w tarmaiy) Salah Omar, (Daftary piraniy Gamnak) Mardin Eibrahim

**Ali mustafa najmaddin[1] - Najm Khalid Najmadin[2]**

[1+2]Kurdish Department, College of Language, University of Salahaddin – Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract:**

Narration is one of the essential element of a navel. No navel can be written without narration. That's why it has become an important topic, and the universal literary criticism pays a great deal of attention to it. The study, as **(a personal narration of (Wrena w tarmaiy) Salah Omar, (Daftary piraniy Gamnak) Mardin Eibrahim)**. The entire narration is taken from the Kurdish society and culture. It talks about the pain and suffering of the society.

The study is made of two basic parts. Each part is divided in to other sections. The first part, which is the orifical, deals with the definition of narration and its types. The second part, which is practical, studies the relationship of narration with each of the writer, characters and a narrator using examples of different novels. At the end of the study, there is a reference list, abstract and founding**.**

**Keywords:** Narrative, Novel, Character.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22**

## سەرچاوەکان:


عومەر. سەلاح (٢٠١٧) وڕێنە و تارمایی، ڕۆمان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.

ئیبراهیم ماردین (٢٠٢٠) دەفتەری پیرانی غەمناک، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، چاپی یەکەم، سلێمانی.

بیمار، عەبدولرەزاق (١٩٨٨) پەخشانی کوردی، چاپی یەکەم، بەغدا.

ژووڤ، ڤەنسان (٢٠١٢) بووتیقای ڕۆمان، و: دکتۆر محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

سابیر، پەرێز (٢٠٠١) بینای هونەری چیرۆکی کوردی- لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

شێخانی، جەوهەر محەمەد مەولود (٢٠١٣) بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددی، هەولێر.

عەبدوڵڵا، عەبدولموتەڵیب (٢٠١٠) زمان\ گێڕانەوە، کۆدی دافنشی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر.

کەریم، حەسەن یوسف (٢٠٢٠) ڕۆڵی ڤەگێر لە ڕۆمانەکانی (حسام بەرزنجی)دا، نامەی دوکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

محەمەد، ئارام (٢٠٢١) پۆول ڕیکۆر و پرسی گێڕانەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆسا، چاپی یەکەم، هەولێر.

مەنتک، حەمە (٢٠١٣) سەرەتا دیالۆگ بوو- توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر.

ئەرستۆ(٢٠٠٤) هونەری شیعر (شیعرناسی)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی: عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

ئەڵوەنی، نەجم (٢٠١٨) جیهانبینیی نووسەر لە ڕۆمانی (زەنگدانەوە)ی (مەهاباد قەرەداغی)دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر.

ئەڵوەنی، نەجم خالید نەجمەددین (٢٠٠٤) بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل_ شار_ ڕاز)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ئەڵوەنی، نەجم (٢٠٠٩) کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارە پەروانەی بەختیار عەلی دا، زنجیرە کتێبی دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.

ئەڵوەنی، نەجم (٢٠١٥) دەسەڵاتی حەکایەتخوان لە چیرۆکدا بە نموونەی کۆچیرۆکی (کێ وەستا کەریمی کوشت؟) لە نووسینی (موحسین چینی)، چاپخانەی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22

ئەڵوەنی، نەجم (٢٠١٧) تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر.

ئەڵوەنی، نەجم (٢٠٢١) گرنگیی کارەکتەر لە ڕۆمانی (یاداشتی عەتروئاگر)ی (بەیان سەلمان)دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر.

حاجی، سەنگەر قار شێخ محەمەد (٢٠٠٧)بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلاحەددین، کۆلیژی زمان، هەولێر.

ئیســــماعیل، نعمە قەرەنی (٢٠١٠) هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا(مەســــعود محەمەد- پاکیزە ڕەفیق حلمی) وەک نموونە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

اسماعيل، عزالدين (١٩٧٦) الادب و فنونه، دراسة و نقد، طبعة خامسة، دار الفكر العربى، القاهيرة.

جريية، ألان روب (د.ت)، نحو رواية جديدة، ترجمة: مصطفى ابراهيم مصطفى، دار المعارف، مصر- القاهرة.

ريكور، بول (١٩٩٩) الوجود والزمان والسرد والفلسفة، ترجمة وتقديم: سعد الغانمي، المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى.

الســاعدي، ســهر محي (١٩٨٩) البناء الفني في الرواية التاريخية العربية (١٨٧٠- ١٩٣٩)، رســالة الماجســتير، كلية الاداب، جامعة بغداد.

سويدان، سامي (١٩٨٦) أبحاث في النص الروائى العربي، بدون عنوان، الطبعة الاولى، بيروت.

عبدالمحسين، محمد حسن (٢٠١١) البنية السردية في رواية صبحي فحماوي (حرمتان وحرم)، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، سورية.

فوررستر أ.م (١٩٩٤) أركان الرواية، ترجمة: موسى العاصى، دار جروس برس، الطبعة الاولى، طرابلس- لبنان.

لحمدانى، حميد (٢٠٠٠) بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، مركز الثقافة العربي، طبعة: الثالث، الدار البيضاء.

مندور، محمد (١٩٧٤) الأدب وفنونة، دار النهضة مصر للطبع والنشر.

الميناوى، أحمد (٢٠١٠) جمهورية افلاتون، المراجعة اللغوية والتدقيق: طه عبدالرؤف ســــعد، الطبعة الاولى، دار الكتاب العربى، ديمشق.

ويلك، رينيه – وارين، اوستن (١٩٧٢) نظرية الادب، ترجمة: محي الدين صبحى، مراجعة: حسام الخطيب، مطبعة خالد طربيشى، دمشق.

يوسا، ماريو بارغاس (٢٠٠٥) رسالة الى روائي شاب، ت: صالح علماني، دار المدى للثقافة و النشر، الطبعة الاولى، دمشق.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper22